


# دووربینێک بۆ ئاراستەکردنی فڕۆکە بچووکەکان



فڕۆکە بچووەکان واتە کۆداکۆپتەرەکان ئەوانەی بۆ کاروباری فیلم هەڵگرتنەوە سوودی لێدەبیندرێ، هەتا دێت گرنگی زیاتری پێدەدرێت.. کێشەیەك کە بۆ ئەو فڕۆکە بچووکانە پێش دێت ئەوەیە کە نازانن بەربەستەکان لە کوێن، جار هەیە بەر دیوارێك، تاوەرێکی کارەبایی، یان بەربەستێکی دیکە دەکەون، کۆمپانیای ئەنتەل بۆ چارەسەری ئەم فڕۆکە بچووکانە دووربینی جۆری RealSense T265 بەرهەم هێناوە، بەهۆی ئەو دووربینە رۆبۆتە فڕۆکەکان جێگای خۆیان ون ناکەن، بەربەستەکان دەبینن، دەتوانن بەبێ گرفت بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. ئەم دووربینانە شەش جۆریان هەیە و هەر شەش جۆرەکە یارمەتی فڕۆکە بچووکەکان دەدەن تا لە رێگای نەخشەیەکی قوڵەوە لە شوێن و جێگای جوگرافی ئەو ناوچەیە ئاگادار بن.

دووربینی ناوبراو دوو عەدەسەی چاوی بە گۆشەی ١٦٠ پلەیی هەیە، دووربینەکە سیستەمی تایبەت بەخۆی هەیە و بەبێ ئەوەی لە دەرەوەرا کۆنترۆڵ بکرێت کار دەکات، لەم دووربینەدا ئەگەر سیستەمی GPSیش نەبێت بەبێ گرفت، پرد و کۆگا و بەربەستە جوگرافیاکانی دیکە وەك گابەرد و تەپۆلکە دەستنیشان دەکات.

## رۆبۆتی قوتابی

پسپۆرانی شارەزای پەروەردە و فێرکردن لە نۆروێژ بەم دواییە جۆرێك لە رۆبۆتیان دروست کردووە کە وەك قوتابییەك دەچێتە قوتابخانە و لە شوێنی ئەو قوتابییەی بەهەر هۆکارێك نەهاتووە بۆ قوتابخانە گوێ لە وانەکان بگرێ.

ستارتاپێکی نۆروێژی بەناوی no Isolation رۆبۆتێکی تایبەتی بەرهەم هێناوە، رۆبۆتەکە کە جۆری "AV1" ناسراوە، شوێنی قوتابی لە وانە بەجێماوە دەگرێتەوە.

ئەگەر قوتابییەك بەهۆی نەخۆشی و لە ماوەیەکی زۆردا لە وانەکانی بەجێ بمێنێ و نەتوانێ بچێتە قوتابخانە، دەکرێت یەکێك لە قوتابییەکان لە بری ئەو

# کاتژمێرێک بۆ وەرزشوانان






دونیای دیجیتالی تەکنەلۆژیای نوێ، بۆ وەرزشوانان و ئەوانەی چالاکی جەستەیی دەکەن رۆژ لەگەڵ رۆژ بەرهەمی نوێ دەخاتە بازاڕەوە، تەنانەت تۆپی یاری و پێڵاوەکانیش لەگەڵ تەکنەلۆژیای دیجیتالی ئاوێتە بوونە.

کاتژمێرە هۆشمەندە بەر لەوەی بۆ خەڵکی ئاسایی بن بۆ وەرزشکارانن، چونکە زۆربەی ئەو ئەرك و کارانەی ئەنجامی دەدەن پەیوەندی بە چالاکی جەستەییەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کاتژمێر هەیە تەنیا بۆ وەرزشوانان بەرهەم هاتووە، وەك کاتژمێری جۆری (Samsung Galaxy Watch active) کەتەواو تایبەتە بە وەرزشوانان. شاشەکەی ١ ئینجە و بازنەیی شێوەیە، بۆ سامسۆنگی جۆری P دەگونجێت. خێراییەکەی ١,١٥ گیگایە، میمۆری ناوخۆی چوارگیگابایتە و رامەکەی ٧٦٨ میگایە. سپیکەر و بلوتوسی هەیە و بە شەحنی بێ وایەریش شەحن دەبێتەوە.

بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی کاتژمێرەکە، وەك گشت کاتژمێرێکی زیرەك، پەیوەندی بە چالاکی جەستەییەوە هەیە، رێژەی سوتانی کالۆری، مەودای رۆیشتنی رێگا، ژماردنی هەنگاوەکان.. تاد تێدایە، جگە لەوەش لێدانی دڵ، پێوانی زەختی خوێنیشی هەیە و هەروەك ئاماژەی پێدرا زیاتر بۆ وەرزشکارانە و بۆیە بۆ ئەوانەی مەلەش دەکەن کێشەی نییە چونکە دەکرێت لە قوڵایی پەنجا مەتر ژێر ئاو کاربکات و کێشەی بۆ نەیەتە پێش..


# کامێرایەک بە ئاماژەی دەست کۆنترۆڵ دەکرێ



کامێرای Obsbot Tailبەرهەمی کۆمپانیای ریمۆی چینییە کە لە نمایشگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا خرایەڕوو. کامێرایەك کە سیستەمی زەینی دەستکردی تێدایە و خۆی لە ریزی کامێرای گوگل کلێپس دادەنێت.

کامێرای ناوبراو هۆشمەندانە شوێن سوژەی خۆی هەڵدەگرێت و لەگەڵ سوژەکەی خۆی دەجوڵێتەوە.. لێنزی کامێراکە ١٢ میگاپیکسلە، زۆمی کامێراکە ٣,٥ ئیکسە. کامێراکە بۆ گۆرەپانە وەرزشییەکان، ستۆدیۆکانی فیلم هەڵگرتنەوە و هەر شوێنێك کە جوڵەی زۆری تێدابێ دەکرێ سوودی لێوەربگیردرێت، تەنانەت ئەگەر کەسیش لە پشت کامێراکە نەبێت و لەسەر پایەیەك دابندرێت خۆی ئۆتۆماتیکی فیلم هەڵدەگرێتەوە یان وێنە دەگرێت.

دەکرێت بە ئاماژەی دەست کۆنترۆڵ بکرێت، بۆ نموونە بە خێرایی دەستەکان لە پێش کامێراکە بکەوە، کامێراکە لەسەر تۆ فۆکس دەبێت، ئەگەر هێمای ئاشتی واتە دوو پەنجەت وەك پیتی V لێبکەی، زۆمی کامێراکە چالاك دەبێت و ئەگەر هێمای دڵ بە دوو دەست بکێشیەوە لە چالاکی دەوەستێت.



رۆبۆتی ناوبراو بەڕێت و رۆبۆتەکە بە وردی گوێ لە مامۆستا دەگرێ و قوتابییەکیش لە رێگای کامێرا و هێڵی پەیوەندی ئینتەرنێتەوە قوتابخانە دەبینێ، ئەگەر رۆبۆتەکە گەڕایەوەش هەموو ئەو وانەی گوێی لێگرتوون بۆ قوتابیە نەخۆشەکە دەڵێتەوە.

چاوی رۆبۆتەکە کامێرایە و لەو رێگەیەوە قوتابییە نەخۆشەکە مامۆستا و هاوپۆلەکانی خۆی دەبینێ و دەتوانێ پرسیاریشیان لێبکات، دروست وەك ئەوەی خۆی لە قوتابخانە ئامادە بێت. لەرێگای گلۆپە تایبەتییەکانی هەرکام بۆ هێمایەك داندراون قوتابی دەتوانێ هەستی خۆی بەرامبەر بە وانە و مامۆستاکەی دەربڕێ..







# ڕکابەری لەنێوان سپیکەرە سمارتەکاندا

لەم چەند ساڵەی دواییدا سپیکەری سمارت وەك یەكێك لە ئامێرەکانی تەکنەلۆژیای نوێ سەریان هەڵدا، سپیکەری سمارت هەر ئەو بڵندگۆیانە نین کە دەنگ بڵاوبکەنەوە و لەگەڵ مۆبایل و تیڤی و ئامێری دیکە لە پەیوەندی دابن، بەڵکو سپیکەری سمارت کە لە ئامازۆن و گوگل هۆمەوە دەستی پێکرد، بەو سپیکەرانە دەگوترێت کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئینتەرنێت و سایتی ئەلکیسا و ئامازۆن و گوگل لە پەیوەندی دان و هەر داوایەکیان لێبکەی وەڵامت دەدەنەوە، بۆ نموونە داوای ئەوەیان لێبکە، فڵانە گۆرانی عەلی مەردان بڵاوبکاتەوە، دەستبەجێ لە ئینتەرنێت هەر بۆخۆی سێرچ دەکات و گۆرانییەکە وەردەگرێ و بڵاوی دەکاتەوە، یان پێی بڵێی هەواڵەکانی تایبەتدار بە کوردستان لە فڵانە ئاژانسە بۆم وەربگرە و بخوێنەوە، یان پرسیاری زانیاری لێبکە...

کۆمپانیای شیائومی چینی ئەویش هاتە گەڵ ریزی بەرهەمهێنانی سپیکەرە سمارتەکان و سپیکەری جۆری XiaoAI Touchscreen بەرهەم هێناوە، بریتییە لە شاشەیەکی لەمسی و سپیکەرێکی بچووك.

سپیکەرەکە زۆر وەك گوگل هۆم و لینۆڤۆ و سمارت دیسپلی دەچێت. شاشەکەی ٤ ئینجە و لە پێشەوەیە، زیاتریش وەك کاتژمێرێکی سەرمێز دەچێت، چونکە لەو کاتانەی کە هیچ کارێکت بە سپیکەرەکە نییە، دەبێتە کاتژمێرێکی سەرمێز، بەڵام بۆ نیشاندانی ڤیدیۆ و کردنەوەی پرۆگرامەکانیش سودی لێوەردەگیردرێت. دەشکرێت وەك ریمۆت کۆنترۆڵی ئامێرەکانی ماڵەوە، وەك کامێرا و زەنگە سمارتەکانیش سوودی لێوەربگیردرێ.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت کۆمپیوتەرەکەم پڕە لە فایلی زیادی و دووبارە، چۆن دەکرێت فایلە کۆن و دووبارەکان لە کۆمپیوتەرکەمدا بسڕمەوە؟**


خوێنەری بەڕێز لە دوو ڕێگاوە دەکرێت فایلە کۆن و زیادەکان بسڕیەوە، دەکرێت بەبێ پرۆگرام و هەر لە خودی کۆمپیوتەرەکە و فەرمانی Disk Cleanup بنووسی و ئەو درایڤە هەڵبژێری کە مەبەستتە فایلە زیادی و دووبارە بووەکانی تێدا بسڕیەوە.. لەو ڕێگایەش ئاسانتر دەکرێت سوود لە پرۆگرامی dupeGuru وەربگری، ئەم پرۆگرامە کاتێك کردتەوە دوگمەی scan دابگرە و بە ئاسانی فایلە زیادییەکان دەدۆزێتەوە و دوگمەی delete دابگرە و بە ئاسانی فایلەکان دەسڕێنەوە. دیارە پرۆگرامی دیکەش هەن وەك پرۆگرامی CCleaner کە تواناکانی بەرفروانترن و ئەرکی زیاتر ئەنجام دەدات.


# پۆستەرێکی سمارت بۆ نیشاندانی کەش و هەوا

سەردەم سەردەمی شاشە سمارتەکانە، بەڵام شاشە سمارتەکان ئەگەر هەڵنەکرێن و وزەیان نەبێت شتێکی بێ کەڵکن، بەڵام پۆستەری هۆشمەند کە بە دیوار هەڵدەواسرێت جگە لەوەی دەکرێت بەرهەمێکی هونەری لەخۆیدا نیشانبدا، لەوکاتەدا دەکرێت کەش و هەواش نیشان بدات.

پێشووتر شاشە سمارتەکان لەناو ئاوێنەی زیرەکدا بوون، یان لەو شاشانەدا بوون کە لە حیبری ئەلکترۆنی سوودیان وەردەگرت. پۆستەری جۆری the Weather Poster، تێکەڵاوێکە لە هونەرێکی کلاسیك و تەکنەلۆژیای نوێ، دەکرێت لەسەر دیوارەکەت یەکێك لە تابلۆ گرنگەکانی جیهان بێت و لەگەڵ ئەوەشدا نیشاندانی کەش و هەوا یان کورتە هەواڵ و کورتە پەیامەکان ببیندرێن.

کاتێك بە دیوار هەڵدەواسرێ، وەك ئەوە ناچێت کە شاشەیەك هەڵواسراوە، بەڵکو دروست وەك تابلۆیەکی هونەری دەچێت. نیشاندانی کەش و هەوا بەشێوەی ئایکۆنی باران و هەور و ڕۆژ دەبیندرێن، نەك کەش و هەوای ڕۆژ بەڵکو هی چەند ڕۆژێکیش نیشان دەدات، بەڵام کێشەیەکی هەیە ئەویش سوود وەرگرتن لە زانیاری کەش و هەوا تەنیا بۆ ماوەیەك بە خۆڕاییە و دواتردەبێتە پارە..






# کتێبخانەیەک بۆ سەر ویندۆزەکەت

شێوازی کتێب خوێندنەوە، درەنگ یا زوو گۆڕانی بەسەر دادێت، لە سەر کاغەزەوە بەرەو شاشەکانی مۆبایل و کۆمپیوتەر دەڕوات، هەرچەندە لەمێژە ئەو ڕەوتە دەستی پێکردووە، بەڵام زۆر کەس دەڵێن لە شێوازە کلاسیکیەکەی زیاتر چێژ وەردەگرین و کتێب ئەگەر کاغەز نەبێت ناتوانین بیخوێنینەوە.. لایەنگرانی خوێندنەوەی کتێب لەسەر کتێبخوێنی دیجیتالی و شاشەکانیش کەم نین، بۆ ئەم مەبەستە هەم لەسەر کۆمپیوتەر و هەم لەسەر مۆبایل پرۆگرامی تایبەت بە خوێندنەوەو ڕێکخستنی کتێبخانەی دیجیتالی گەلێك زۆرن، یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی Calibreە، پرۆگرامەکە ئەو کتێبانەی لەسەر کۆمپیوتەرەکەن یان لە ئینتەرنێت وەریان دەگری لەخۆیدا پاشکەوتیان دەکات و دواتر لەکاتی گونجاودا دەتوانی بیانخوێنیەوە. دەکرێت بە ویستی خۆت کتێبەکان ریزبەندی بکەی و بەشەکان لێك جیابکەیەوە.

بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە:

- خوێندنەوەو سەیرکردنی کتێبەکان لەکاتێکی گونجاودا.
- پاشکەوت کردن و ریزبەندی کردنی کتێبەکان بەپێی، سەردێڕ، ڕێکەوت، چاپخانە، نووسەر...
- گونجاندن لەگەڵ ئامرازەکانی کتێب خوێندنەوە.
- توانای گەڕان لەناو دەقی کتێبەکان.
- گۆڕینی فۆرماتی کتێبەکان...



## ماڵپەڕی دروستکردنی ئینفۆگرافیک

ئینفۆگرافیك واتە زانیاری و ڕوونکردنەوە بەشێوەی گرافیك، ئەم شێوازە بۆ سیمیناروکۆبوونەوەکان، وانە خوێندن، داتا و ئامار لە تیڤییەکان، نەخشەسازییەکان... تاد سوودی لێوەردەگیردرێت.. بۆ دروستکردنی ئینفۆگرافیکێکی تایبەت پێویستی بە پرۆگرامی تایبەتی خۆی هەیە کە ئەم ئەرکە بەڕێوە ببات. ئەگەر هێڵی ئینتەرنێتت هەبێ دەکرێت بەبێ پرۆگرامیش لە ڕێگای ئەو ماڵپەڕانەی کاری ئینفۆگرافیك دەکەن، داتا و ئامارەکانی خۆت بەشێوەی ئینفۆگرافیك دەربێنی، دەیان ماڵپەڕ لەو بارەوەیە هەیە، بەڵام هێندێکیان بەخۆڕایی نین، یەکێك لەم ماڵپەڕانەی بەخۆڕاییەوە، ماڵپەڕی https://www.easel.ly.. لەم ماڵپەڕەدا چوارچێوەکان لە پێشدا ئامادە کراون، دەق و وێنە ئەندازییەکانیش هەن تەنیا بەستراوەتەوە بە لێهاتوویی و توانای بەکارهێنەرەکە، بەڵام دەبێت هەژمارێکی تایبەت بەخۆت لە ماڵپەڕەکەدا دابنێی.

# پرینتەرێکی بچووک بەبێ حیبر

پرێنتەر کە خستنەڕووی ئەوەی لەسەر شاشەیە بۆ سەر کاغەز سوودی لێوەردەگیردرێت، بەڵام ئەم کارە هەموو تێچووی کاغەزی دەوێت و هەم تێچووی حیبری تایبەت. لەم دواییەدا پرینتەرێکی بچووك بەناوی memobird بەرهەم هاتووە کە لە سیستەمی گەرمی سوود وەردەگرێت.

پرینتەرەکە بچووکە و بۆ هەموو شوێنێك دەکرێت لەگەڵ خۆتی بەری، ڕەنگی سەوز و پەیمەیی و ڕەساسی هەیە. بەهۆی ئەم پرینتەر بچووکەوە دەکرێت کورتە پەیامەکان بە خێراییەکی زۆرە و دەق و وێنە و تەنانەت دەستنووس و ستیکێرەکان ڕاستەوخۆ لە مۆبایل یا تەبلێت و کۆمپیوتەر وەربگری و پرێنتیان بکەی.

هەروەك ئاماژەم پێدا پرینتەرەکە پێویستی بە حیبر نییە و تەنیا لە کاغەزێکی تایبەت سوود وەردەگرێ کە ئەگەر گەرم بێت ئەوەی مەبەستتە لەسەر کاغەزەکە چاپ دەبێت. پرینتەرەکە بچووکە و هەڵگرتنی ئاسانە و حیبری ناوێت، دەمێنێتەوە سەر ئەوە کە ئایا لە جیهانی دیجیتالیدا کە مۆبایل شوێنی هەموو شتێکی گرتۆتەوەو پەیام و وێنەکان لەسەر شاشەی مۆبایلەکە دەبیندرێن و دەخوێندرێنەوە پێویست بەو پرینتەرە یان هیچ پرێنتەرێك دەکات؟

